سەرۆکی تورکیا چەکدانانی پەکەکە بە "قازانج" بە تورک و کورد وەسفکرد



ئەمە دووشەممە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا چەکدانانی پەکەکە بە "قازانج" بە تورک و کورد وەسفکرد.

ئەردۆغان ڕایگەیاند، حکومەت بە شکاندنی پشبینییە نەرێنییەکان و فیتنەکان بەردەوام دەبێت لە ڕێگەکەی و گوتی: "ئەمە وەکو هاوپەیمانیی جمهوور، بە ئامانجی بەهێزکردنی بەرەی نەوخەییمان ئەمە قەناخێکی دیکەی گرنگمان لە پرۆسەی تورکیای بە تیرەر بەی. ڕەکخراوی تیرەریستی بەیاری خەوشاندنەوە و رادەستکردنی چەکەکانی ڕاگەیاند. بەیارەکە بە ئاسایشی وەاتەکەمان، ئارامیی ناوچەکەمان و بەهێزکردنی برایەتیی هەمیشەیی گەلەکەمان بە گرنگ دەزانین".

ئەردۆغان وتی: "بریاری هەوشاندنەوەی پەکەکە بە جەرەک هەدەسەنگێنین کە تەواوی باڵەکانی ڕەکخراوەکە لە باکووری عێراق، سووریا و ئەوروپاش دەگرەتەوە".

سەرۆککۆماری تورکیا جەختیکردەوە کە مشخەرانی سەر خوێن و فرمێسک دەاندوویانە و ئەوانەش کە

براوەن، گەلانی تورکیا و براکانی لە ناوچەکەن. گوتیشی: "ڕەکخستنەکانی هەواڵگریمان و یەکینەکانی ئاسایشمان، بە بردنە سەری بەرنامەکان، لەمودوا زۆر هەستیارانەتر چاودێریی پرۆسەکە دەکەن. ئەمەش وەکو دەوڵەت بە وردی چاودێریی پۆیستی پرۆسەکە دەکەین".

ئەردەغان ڕاشیگەیاند: "هەرچەندە نژادمان، کولتوور و باوەڕمان جیاوازیش بێت، هەموومان هاووڵاتیی نمرەیەکی کەماری تورکیاین. هەموومان بەیەکەوە تورکیاین و بەیەکەوەش بەهێزین".

ئەردەغان هەروەها جەختیکردەوە کە ئەگەر یەکبگرن، هیچ هێزێکی دەرەکی ناتوانێت تورکیا ببزێنێت.

هاوکات پەداگریی حکومەتەکەی بە چارەسەرکردنی شەڕی 40 ساڵەی پەکەکە نیشاندا و گوتی: "سوپاسی سەرەکی پارتەکان و لەسەرووی هەموویانەوە هاوبەشی هاوپەیمانییەکەمان؛ بەڕێز دەوڵەت باخچەلی دەکەم کە لە یەکەم ڕۆژی پرۆسەی تورکیای بە تیرۆرەوە دەستزانە خاوەندارێتیی پرۆسەکەی کردووە. هەروەها پارتە سیاسییەکان، میدیاکاران و هەموو ئەوانە دەکەم کە ڕەنجیان کێشاوە، بەناوەی خەم و گەلەکەمەوە سوپاسیان دەکەم".

ئەردەغان هەروەها گوتی: "بە خەهەوشاندنەوە و چەکدانانی پەکەکە، ئیدی جەرگسووتانی ڕۆژانەی خەڵک دەبێتە ڕابردوو. پێنا بەخوا چیدی ڕووبەڕووی بیستنی ئەو هەواڵانە نابین کە بەهۆی تیرۆرەوە جەرگی هاوژین، دایک و ڕەڵە کەپە دەدات و دەسووتێت. یەکێک لە گەورەترین براوەی بەیارەکەی ئەمە، کەس و کاری شەهیدانمانن، هەروەها زیانبەرکەوتووانی سەنگەر، هێزەکانی ئاسایش و دایکانی دیاربەکر و ڕەڵەکانیانن. تەنیا ئەم ڕاستییانە بەسن بە ئەوەی نیشانی بدەن ئەو کێشە و ئەم قەناخەی ئێستا پرۆسەکە پێیگەیشتووە لەووی مرۆیی و مێژوویییەوە چەندە گرنگە".

ئەردەغان هەروەها لەبارەی کورد بە گشتی و کەسوکاری گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) گوتی: "بە هەمانشێوە لایەنێکی دیکەی براوەی پرۆسەکە برا کوردەکانمانن کە ساڵانێکە بەهۆی تیرۆرەوە ڕەڵەکانیان لەدەستداوە، ڕووبەڕووی چەندین کێشەی مادی و مەعنەوی بوونەتەوە و لە ماڵ و حاڵی خۆیان بوون".

ئەردەغان جەختی لەسەر بڕایەتی و چارەنووسی هاوبەش کردەوە و هیوای خواست، تەواوی 86 ملیۆن خەڵکی تورکیا بە شێوەیەکی هاوهیوا و هاوەیمانە لە ڕێگەکە بەردەوام بن.